# عێراقی نێو نەخشە سیاسییەکان
# سەرەتایەك بەرەو ئاوابوون

## سەلام عومەر

بە دوای تەقینەوەکانی ئەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو، کە مزگەوتو شوێنە پیرۆزەکانی گرتەوە، جارێکی دی ترسو دڵەڕاوکێی جەنگی خێڵەکی ناوەندە سیاسییەکانی عێراقی هەژاند، ئاڵۆزبوونی ڕەوشی عێراق، بەتایبەتی لەم هەلومەرجەی ئێستا کە ئەمریکا دەیەوێ هێزەکانی لە عێراقدا زیاد بکات، بۆ پشتگیری کردنی نوری مالیکی سەرەك وەزیران، تا لە نەخشەی بنەبڕکردنی تیرۆردا سەرکەوتن بەدەست بهێنێو دواتر ئامانجە سیاسییەکانی کە لە ئاشتبوونەوەی نیشتمانیدا ڕەنگدانەوەی هەیە، بخاتە نێو ئەو بەرنامانەوە کە لە نەخشەکەدا ناویان هاتووە، کۆسپێکی ترو دواکەوتنێکی تری پرۆسەی ئاشتی دەبێت، بۆ ئەو هێزانەی هەر لە زیادبووندان، چونکە هەر لەسەرەتاوەو لە ساڵی 2003دا کە عێراق ئازادکرا، ئەمریکییەکان هیچ بەرنامەیەکی سیاسی ئایندەبینیان بۆ عێراقییەکان پێنەبوو، ئەو بەرنامەو نەخشەیەش کە لە ساڵی 2002 لە کۆنگرەی لەندەن بڕیاری لەسەردرابوو، پشت بەستن بوو بەو هێزە بەرهەڵستکارە لاوازانەی کە نە هێزێکی زۆرو نە خاوەن جەماوەرێکی زۆر بوون، ئەوە جگە لەوەی ئاراستەی بیرکردنەوەی ئەوان جیاوازییەکی زۆری هەبوو لەگەڵ ئەو نەخشەیەی کە بە نوێکردنەوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ناسرابوو.

ڕێك لەم ڕۆژانەدا بوو رایان کروکری باڵوێزی ئێستای عێراقو زاڵمای خەلیل زاد کاریان دەکرد بۆ ڕێکخستنی بەرهەڵستکارەکانو چۆنیەتی ئازادکردنی عێراق، ئەوە لە کاتێکدا هەندێ لەو بەرهەڵستکارانە، هەتا ڕووخانی سەدامیش لەگەڵ ڕژێمی بەعسدابوون، ئەوە جگە لەوەی هەندێکی تریان تەنها ڕووخانی ڕژێمی عێراقییان بەلاوە گرنگ بوو، ئەگەرنا ئەوساو ئێستاش دوژمنێکی سیاسی فکری ئەمریکییەکانن، ئەوساو ئێستاش کۆسپن لە بەردەم پلانە ئاسایشیەکانی هێزە هاوپەیمانو عێراقییەکانوهێندە شوفێنزمن پێیان وایە تەنها عەرەب خاوەنی عیراقەو چاویان نەکوردستان ونەخەباتی سیاسی ئێرەنابینێ هەرگیز نایانەوێ دەسەڵاتێك لە عێراقدا دروست بێت دوور لەو ئاراستە دینیو خێڵەکییەی ئەوان دەیانەوێ، هەر بۆیە زاڵمای خەلیل زاد لە دروستکردنی عێراقی نوێ، کە دەست پێك بوو بۆ خۆرهەڵاتی نوێ شکستی هێناو زۆر جاران لەپێناوی ئاڵۆزنەبوونی زیاتری ڕەوشی عێراق ئامانجە ستراتیژییەکانی ئەمریکاو بەرهەڵستکارە دێرینو هێزە دیموکراتییەکانی عێراقی دەکردە قوربانی ئەو ئاسایشیەی بەدەستی نەهێنا، بەڵکو بە پێچەوانەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە نەخشەکەی دوور دەکەوتەوەو ژمارەی قوربانیانی سوپای ئەمریکا لە زیادی دەدا، بۆیە ستراتیجیەتی ئەمریکاو ئەو وێنەیەی لە هزری ئەمریکییەکان نەخشەی بۆ کێشرابوو بەرەو گۆڕان ڕۆیی، گۆڕانێك هەر لە دروست بوونی حکومەتی کاتییەوە دەستی پێکرد تا ئەو هەڵبژاردنە سەرتاسەرییەی لە عێراقدا ئەنجامدراو دەسەڵاتەکان دابەشو دەستووری لە نێودا نووسرایەوە، چونکە ئەوانەی چوونە دەرەوەی هاوکێشە سیاسییەکانەوە، بەتایبەت ئەو سونیانەی جگە لە سەدام هیچی تریان نەدەویست خۆیان ڕێکخستەوەو بە هاوکاری ڕێکخراوی قاعیدە بوونە ئەو کۆسپەی کە عێراق بەرەو دۆزەخ دەبەن، لەولاشەوە ئەمریکییەکان هێز زیاد دەکەنو دەیانەوێ زۆربەی قورسایی ئەم هێزانە لەناو بەغداو دەوروبەری بڵاوبکەنەوە.

خواستیانە ئەوەی لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا ئەنجام نەدراوە ئەوان لە 5 تا 6 مانگی ئایندەدا بە کۆتایی بهێنن، بەڵام چاودێرە سیاسییەکان، ئەوانەی لە نزیکەوە لە ڕەوشی عێراق دەڕوانن پێیان وایە، تاوەکو بەرنامەیەکی پوختی سیاسی هاوچەرخ سەرجەم هێزە سیاسیو خێڵەکییەکانی عێراق کۆنەکاتەوە، ئەوە بە جیاوازی ئایدیۆلۆژیاو بۆچوونەکانیانەوە هەرگیز عێراقێکی ئارام لە دایك نابێ، چونکە ئەوان دەڵێن: جگە لە سێ پارێزگاکەی کوردستان کە بەئارامترین ناوچەی عێراق دەژمێردرێ، زۆرینەی ئەو پارێزگایانەش کەبەناو ئارامی تێداو خراوەتەوە دەست عێراقییەکان خۆیان، ئەو ڕەوشە ئاسایشیەی نییە شایانی باس بێت، یان ئەو وێنە جوانو سەرنج ڕاکێشەی نێو ئەو نەخشەیە نییە کە ئەمریکییەکان

بەرنامەیان  بۆ دانابوو.

بۆیە سەرجەم ئەو نەخشەو پلانانەی تا ئێستاو لەلایەن هێزە هاوپەیمانو ئەمریکیو خودی عێراقییەکانیشەوە دارێژراون جێگەی متمانەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیو خودی عێراقییەکانیش نییە.

تەنانەت ئەو هێزو کۆمەڵە سیاسییانەی ناویان لە خۆیان ناوە (مقاومە) ئەوانیش بەرنامەیەکیان نییەو خۆشیان نازانن دژی کێو بۆ کێ دەجەنگنو کاری تیرۆریستی ئەنجام دەدەن, چونکە زۆرینەی هەرەزۆری قوربانییەکانی دەستی ئەم گروپە تیرۆریستانە خەڵکی مەدەنیو بێتاوانن, ئەوە جیا لەوەی ئەوان بۆ دوارۆژی عێراق ناجەنگنو ئامانجیان تێکوپێکدانی هەر بەرنامەو پلانێکە ئەگەر لە بەرژەوەندی هاووڵاتیانیش بێت.

دواتر پرسیارێك لەم نێوەندەدا خۆی دەردەخا, عێراق لە نێوان ئەم هەموو بیردۆزو هاوکێشە سیاسییە جۆراو جۆرانەدا, لە نێوان هێزە ئەمریکیو عێراقیو هێزە چەکدارو سیاسیو دینیو خێڵەکیانە چی بەسەردێت؟ ئەدی ئەو ملیۆنەها هاووڵاتییەی لەم نێوانەداو هەموو رۆژێ دەبێتە قوربانی! قوربانی نەخشەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە یان ئەو ئازادییەی کە پێناچێ وازوو ببینیێ؟ئەدی ئەزمونی کوردستان ،ئەو قوربانیانەی لەدوای پرۆسەی ئازادی عیراقەوە پێشکەش بەئەمەریکا کرا دەگاتەکوێ ؟تۆ بڵێی داوای قوربانی زیاتری لێنەکرێ؟ ئەوانە پرسیار گەلێکن هەموو رۆژێ لەنێو پێشهاتو نەخشە سیاسییەکاندا ئەوانەی لە دەرەوەو لەناوەوە دادەڕێژرێن دووبارە بوونەوەی هەیە.